# خۆقوتارکردن بەر لە هەڵدێران

٢٠٠٥/٠٨/٠٥

هەژێن

ئەورۆ لە ماڵپەڕی دەنگەکاندا بەڕێز «د. کەمال سەید قادر»، وتاریکی بەنێوی ( بەرەو هەڵدێران کوردو دەستوری نوێ) بڵاوکردۆتەوە، کە تێیدا پەرۆشی دڵسۆزانەی فرەی سەبارەت چارەنووسی گەلەکەی پێوە دیارە، بەلام هاوکات ئەم بەڕێزە نائومێدییەکی زۆر بەرامبەر ڕۆڵی جەماوەر لە زۆربەی نووسینەکانیدا سەرەتاتکێمان لەگەڵ دەکات. منیش وێڕای خەمخۆریم بۆ ژێردەستانی کۆمەڵگەی عیراقی بە گشتی و چارەنووسی گەلی کورد بەتایبەتی، پێمخۆش بوو، کورتە سەرنجێک لەسەر ئەو بۆچوونە نیگەتیڤە کە بەسەر زۆرێک لە دڵسۆزان و ڕۆشنبیرانی کورددا زاڵبووە، بخەمەڕوو!

بەڕێز د. کەمال، هەموو هیوای خۆی بە لا لێکردنەوەی دەوڵەتی ئەمریکی لە گەلی کورد، گرێداوە. ئەمە شتێکی ئاسایی نییە و ناکرێ هەروا پشت بکەینە مێژووی نە چەندان دوور، بەڵکو تەنیا هەڵبژاردنی ١٩٧٥تا ٢٠٠٤ بەسە بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و دەرخستنی ڕۆڵی پەنانەکی دەوڵەتی ئەمریکا دژی مافەڕەواکانی گەلی کورد و بەکارهێنانی هێزە بۆرژوازییە کوردییەکان بۆ مەرامی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەتەکانی ناوچەکە!

ئاشبەتاڵ پێکردنی بزووتنەوەی چەکداری کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا تەنانەت ئەمریکیەکان خۆیان پێی لێدەنێن، چەکدارکردنی ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیایی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا و چاونوقاندنیان بەرامبەر بەکارهێنانی دژی کوردە سڤیلیست و بەرهەڵسکارەکان، فریا کەوتنی ڕژێمی تێکشکاوی بۆرژوازی بەعس بە ڕێکەوتننامەی سەفوان و دەستئاوەڵاکردنی لە قەڵاچۆکردنی جەماوەری ڕاپەریو، کە بە کۆرەوی ملیۆنی کوردەکان کۆتایی هات، لە ڕۆخانی ڕژێمی بەعسیشەوە تا ئەورۆکە، کە من ئەم دێرانە دەنووسم، خۆدزینەوەی لەو بەڵێنانەی کە بە گەلی کوردی دەدان و دانی بەڵێنی ژێرەکی بە هێزە شیعە و سوننی و شۆڤێنستە عەرەبەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانە تورکییە، ئەو واقیعیەتانەن، کە دەتوانین پێشبینی سبەینیان لێوە بکەین، چونکە خۆیان واتەنی "سیاسەت پابەندی بەڵێن و ویژدان و مۆراڵ نییە و بەرژەوەندی گەلی خۆیان (گەلە کۆمپانیا و بانکە سەرونەتەوەکان) لەسەروی هەموو شتێکەوەیە"! ئیتر نازانم بەڕێزی لە کوێوە و بەکامە پێوەر تەنیا ئەمریکا بە کلاوڕۆژنەی ئاسۆ و داهاتووی گەشی کورد دادەنێت؟

بەڕێزی پیناسەی هێزە بورژوا فەرمانڕەواکانی کورد و نوێنەرەکانیان لە لێژنەی ئامادەکردنی دەستووری عیراقدا، لەدەرەوەی سیاسەت و پلانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، دەبینێتەوە و بە گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی و شەڕی نێوخۆ تاوانباریان دەکات. ئەمە لە کاتێکدا کە هەردوو زلپارتی بۆرژوازی کورد چ وەک ڕۆڵی چینایەتیان و چ وەک هەڵپەخوازی دەسەلاتیان، ناتوانن و بە ئاشکرا دەڵێن، کە ئێمە پابەندی بەڵێنەکانی ئامریکای ڕابەرمانین و بەبێ مۆڵەتی وی قومێ ئاو ناخۆنەوە! لە کاتێکدا کە گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی و بیروکراتیەت و شەڕ و شۆڕ، سروشتی بەڕێوەبەرایەتی چینایەتی بەگشتی و سەرمایەدارییە بەتایبەتی! لە کاتێکدا کە دەوڵەتی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بە ئاشکرا دژی پارچەپارچەکردنی عیراقی بەزۆر پێکەوە لکێنراون و پلانێکیان بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و لەوانەش نەتەوەیی و ئایینییەکان نییە و تەنیا بۆ دزینی سامانی نەوتی و کانی (معدنی) ناوچەکە هاتوون و کێ باشتر و ستراتیژیانەتر مسۆگەری بکات، براوەی قومارەکەیە! لەبیرتان چوو سەرانی دوو زلپارتەکەی کورد دەیانگوت "نوێنەرایەتی ئەمریکا پێی وتووین، کە ئەمە قومارێکە - مەبەست لە هێرشەکەیەتی بۆ سەر عیراق - و ئەوی

تێیدا بەشدار نەبێت، بەختی براوەبوونی نییە"! بەڕێزم هەر ئەمەی تۆ لە نوێنەرانی کورد داوای دەکەی، کە دەستەوداوێنی نوێنەرانی ئەمریکی بن و بەدڵی وی ڕەفتار بکەن، بەخۆشیان وا دەڵێن و هەرواش دەکەن و ئەم ڕۆڵە گەمژانەیە کە ئەوڕۆکە دەیگێڕن، هەر ئەوەیە کە نوێنەرانی دەوڵەتی ئەمریکی لێیان داواکردوون و ئەمانیش وەک ئەرکێکی چینایەتییان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەنجامی دەدەن!

بەبڕوای من ئەوەی تۆ دەیخوازی و بۆت فۆرمۆڵە نەکراوە و دەرت نەبڕیوە، ئامادەیی و هاتنەمەیدان و پێداگری جەماوەرە لەسەر مافە ڕەواکانی. هەرووەک خۆشت لە وتارەکەی پێشووت (سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورد وەکو نمونەیەک لە سایکۆلۆژیای مرۆڤی چەوساوە)دا، پێتوایە کە مرۆڤ تەنیا بە ئامادەیی خۆیی دەتوانێت، ماف، داخوازی، ئازادی خۆی بسەلمێنێت، منیش پێموایە ئەگەر گەلی کورد چاوڕێ بێت، لەشکری ئەمریکا و سەرۆکخێڵ و ئاخوندەکان بەزەییان پێیدا بێتەوە و بیریان بکەوێتەوە کە کورد مافی هەیە و دەبێت، بیدرێتێ، ئەوا ڕزگاربوون و چارەسەری کێشەکە، ئەگەر سیستەمی چینایەتی تەمەنی درێژ بێت، بە دەیان سەدەیتر بسپێرە! هەرووەک چۆن پێویستە تاک لەناخی خۆیدا خۆی ئازاد بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری کۆتوبەندەکانی دەرەوەی خۆی بێت، ئەوا توێژێک، چینێک، نەتەوەیەکیش، پێویستە خۆی یەکبخات و خەباتی ئاراستەی دەسەلاتێک بکات، کە مافەکانی زەوتکردووە! بەبڕوای من پێویستە بە هەمووبمانەوە هەر لە هەڵسوڕاێکی جەماوەرییەوە بیگرە تا هەڵسوراوێکی بواری ماف و یاسا و ڕۆشنبیران و نووسەرانی دلسۆز خۆنەویست، هەنگاوی پەیگیرانە بۆ هوشیارکردنەوە لە واقیعیەتی پشتپەردەی دەسەلاتداران و دەسەلاتخوازان و ڕووبەڕووبوونەوەی چارەنووس و ڕووداوێکی چەندبارە، کە خەریکە ئەمجارە بەپێی پرنسیپە دیموکراتییەکان - واتە هەڵبژاردن و دەنگدان و بڕیاردان بەپێی ڕای زۆرینەی دانیشتوانی عیراق نەک کوردستان - هەرەشەی سەپاندنەوەی بێمافی و کۆنەپەرستی و ستەمی نەتەوایەتیمان
لێدەکات! لەم نێوەدا دیارە ئەرکی بەڕێزیشتان گرانتر و گرنگتر دەبێت، کە پێکهێنانی ناوەندێکی یاساناسییە بۆ تاوتوێکردنی کونوقوژبنی بەند و پەرەگراف و خاڵبەندییەکانی یاسای بنەرەتی و گێڕانی سیمینار و دیباتەی تیلەفزیۆنی و ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامەوانی و لەم بوارەشدا ماڵپەڕ و ڕۆژنامە ئەلەکترۆنییەکان، دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن. ئەمە ئاسۆی ڕزگاربوونە لەو جالجالۆکە کۆنەپەرستی و شۆڤێنیستییەی کە بۆمان دەتەنن، ئەمە ئەرکی دەستبەجێیە! بانگەوازی جەماوەر بۆ خەباتی جەماوەری و خۆڕێکخستن لە ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و پێکهێنانی کۆمیتەکانی مانگرتنی گشتی و خۆپیشاندان و بەشدارینەکردن لە دەنگدان – بەشداری نەکردن یا ڕەتکردنەوە- و پەسەندنەکردنی ئەو یاسا سەروخەڵکییە. ئەمە تەنیا و دوا ڕێگەچارەی پوچەڵکردنەوەی ئەو پیلانەیە کە دژی مافەرەواکانی گەلی کورد، سەرۆکخێڵ و ئاخوند و سەرانی زلپارتە بۆرژواکانی کورد و دەوڵەتی ئەمریاک خەریکی بەڕێخستنینی!

من گومانم لە دڵسۆزی ئەنگۆ و لێهاتووییتان لەم بارەوە نییە و دڵنیاشم بوونی کەسانی وەک بەڕێزتان لەڕیزی خەباتێکی جەماوەریدا بۆ سەپاندنی مافی جیابوونەوە و فیدراڵی ڕاستەقینە پێویستە! فیدراڵییەتیک کە لەسەرەوە پێکنایێت و ناسەپێنرێت، بەڵکو لە خوارەوەڕا لەناوەندی کار و ژیانەوە سەرهەڵدەدات، فیدراڵییەتێک کە لەڕێی هەڵبژاردنی ئازادانی جەماوەری لە کۆبوونەوەی گشتی دا لەسەر ئاستی گوند، شارۆچکە، شار، ناوچە و هەرێم، فیدراسیۆنەکان پێکدەهێنرێن و دواتر لە هەڵبژاردنی نوێنەران و لێژنەی بوارە جیاجیاکان، کۆنفیدراسیۆنی سەرتاسەری پێکدێت. هەڵبەتە ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە لەو ناوچانەی کە کەمایەتی نەیەتەوەیی هەن و لەهەر شار و شارۆچکە و گوندێکدا کە زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن، ئەوا دەتوانن خودموختاری خۆیان هەبێت! ئەمە ئەو شتەیە کە کێشەی بوونی تورکمان و ئاشور و کلدانی لە سنووری کوردستاندا چارەسەر دەکا و هاوچارەنووسی و گیانی یەکێتی لەنیوان گشت هاوولاتیاندا بەهێز دەکات!

ئەمە ئەو شتەیە کە نە لە بەرژەوەندی سەرمایەداری جیهانی بە سەرلەشکری ئەمریکا، نە لەبەرژەوەندی ئاخوندە شیعەکان و نە لەبەرژەوەندی شۆڤێنیستە عەرەبەکان و نە لەبەرژەوەندی نوێنەرانی بۆرژوازی کورد لە دەسەلاتی کاتیدا نییە و تەنیا لە بەرژەوەندی ستەملیکراوان و ئازادیخوازانی گشت نەتەوە و بەشەکانی عیراق و کورستان، بەڵکو ناوچەکەشدایە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە ئەو یاسایە تەنیا لە ڕووی مافی نەتەوەییەوە هەڕەشە لە داهاتووی کورد ناکات، بەڵکو وەک هەر هاووڵاتییەکی‌تر لە بەشەکانی‌تری عیراقدا، هەرەشە لە ئازادییە تاکەکەسی و گشتی و مافە سەرەتاییەکان و مافی ژنان و منالانی کوردیش دەکات، بۆیە وەستانەوە و بەشداری نەکردنی ئەو راپرسییە یا دەنگدان بەدژی – کە من پێموایە ئەگەر بەشداری نەکرێت، باشترە لە بەشداری بەرەتکردنەوە، چونکە دەسەڵاتداران و داگیرکەران بە ئاسانی دەتوانن دەنگەکان بگۆڕن و یوئێن و ناوەندە جیهانییەکانی‌تریش بێجگە لەدەست بەسنگەوەگرتن بۆ سەرلەشکرانی سەرمایە، هیچیان پێناکرێت، ئەگەر بشیانەوێت و نارازیش بن!

وەک وتم، لەسایەی ئەو عیراقە یەکگرتووە و ئەو یاسا خێڵەکییەدا، دەرێ تەنیا بینەری پلە دوویی نەتەوەیی و کۆیلەتی بەچەندوچوونی دایک و خۆشک و کچ و هاوسەرانمان، ئەشکەنجەی منالان و ئاخنینی مێشک و کوشتنی پرسیارەکانی ناخ و ترساندنیان بە دۆزەخی ئەفسانەکان بین! هیچ بیانوویەک نییە، بۆ پاساو هێنانەوە و خۆلادان لە بەشداری و هەڵخرانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەربەجۆ، بزووتنەوەیەک کە تەنیا دەتوانیت ملکەچی یاساکانی سروشت و ئازادی و دادپەروەری بێت، ئەو بزووتنەوەی کە لە گشت سەردەم و قۆناخەکانی مێژوودا، واقیعیەتی بە خەون و ئارەزووە مرۆییەکان بەخشیوە، نزیکترینیان ڕاپەڕینی جەماوەری ئازاری ١٩٩١، کە چەکدارە هەڵهاتووەکانی بۆرژوازی کوردی لەو دیو سنوورەکاندا، لە خەو و ورێنەی چەندین ساڵەیان دەچڵەکاند و سنوورەکانی بۆ خستنە سەرپشت! بزووتنەوەیەک کە هەکا لەم چەند هەفتەیەکدا کۆتایی بە تەمەنی نەگریسی هارترین و کۆنەپەرسترین ڕژێمی ئیسلامی لە ناوجەکەدا هێنا و قەلای پشت سەری ئاخوندەکانی کەربەلا و نەجەفی هێنا!

ئەورۆکە هاتنە سەرشەقامی جەماوەر لە باشووری کوردستان بۆ وەستانەوە دژ بە هەوڵی شۆڤێنستە عەرەب و ئاخوندە شیعەکان و ڕەرتکردنەوەی یاسای کۆنەپەرستانەیان، هەم خۆی لە خۆیدا پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ڕاپەڕینی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەم بەهێزکردنی هێزی دژە کۆنەپەرستی و قورسکردنی تای تەرازووی هێزە لە بەرژەوەندی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی کورد لە هەر چوار پارچەکەدا! ئایا کاتمان بۆ چاوەڕاوانی و خۆشباوەڕی بەدەستەوە ماوە؟ هەل لەمە باشتر بۆ بزووتنەوەی جەماوەری لەهیچ سەدەمیکدا ڕەخساوە، کە لەیەک کاتدا، دەوڵەتی تورکیە بە خاتری چوونە ناو یەکێتی ئەورووپی ناچارە مل بەهەندێک ئاڵوگۆڕ بدات، سوریە دەرگیری بزووتنەوەی جەماوەری و فشاری دەرەکییە بە خاتری پشتیوانی لە تیرۆرستان، ئێران بەیەکدا شێواوە و جەماوەر لەسەر شەقامەکان ڕادەپەڕێ و بەخۆی دەرگیری کێشەی چەکی ناوکییە لەگەڵ ئامریکا و یەکێتی ئەورووپی، دەوڵەتی عیراقیش جێگیر نەبووەتەوە و خۆدی دژە فیدرالیستەکان، دەرگیری ململانێی مەزهەبی خۆیانن و کوردستانیش ١٤ ساڵە بەڕادەیەک سەربەخۆیە، ئایا هیچ کاتێک وەک ئەورۆ بۆ بڕیاردان لەبار و گونجاوتر بووە؟

ئاسۆی گەشی داهاتوو لەگرەوی ئامادەیی هەموو ئازادیخوازان دایە لە دەستپێشخەری بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرین لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، نەک لە هیوابەستنەوە بەوانەی کە بە ڕێکەوتن و ڕۆکێتی دیموکراسی، ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١یان تووشی شکست کردوو و ئەو رادەیە سەربەخۆییەی کە لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابوردوودا هەبوو، کردە خەونی دوێنێ و جەماوەری عیراق و کوردستانیان ڕووبەڕووی شەڕ و تیرۆرێک کردەوە کە لەوانەیە بە کوشتارگەکانی بۆسنە و هەرزەگوین، کۆسۆڤۆ و چیچان و ..تد کۆتایی بێت، برینێک کە تەمەنی لە تەمەنی ڕادیۆئەکتیڤی دیموکراسی لە جەستەماندا درێژتر دەبێت، بێگومان!